دکتور سا لح ئیبرا هیمی



جا تکای تکاکاران سوودێک بەوان ناگەیێنێت ﴿٤٨﴾ جا چییانە کە لە وەبیر هێنانەوە و پەند ڕووسووڕێنەرن ﴿٤٩﴾ دەتوت ئەوان کەرگەلێ ڕەفۆکەن وا سڵن ﴿٥٠﴾ کە لەبەر شێر بە سڵ بە غار هەڵاتوون ﴿٥١﴾ بەڵکوو هەر یەکە لەوان دەیەوێ نامەگەلێ سەر ئاواڵەیان پێ بدرێ ﴿٥٢﴾ نا نا، ئەوانە لە ئاخیرەت ناترسن ﴿٥٣﴾ وا نییە (کە ئەوان بیری لێدەکەنەوە) قورئان ئامۆژگاری و بیرهێنەرێکە (و ئەوان ڕێنوێنی دەکا) ﴿٥٤﴾ هەرکەس کە بیەوێ، ئەیخوێنێ و پەندی لێ وەردەگرێ ﴿٥٥﴾ هیچکەس نایخوێنێتەوە مەگەر ئەوەی کە خوا بیەوێ، هەر خوایشە شیاوی لێترسان و شیاوی لێبوردن (لە تاوان و گوناحان) ﴿٥٦﴾

## سوورەی قیامەت ٤٠ ئایەتە

**سوورەی قیامەت لە مەککە هاتۆتە خوارێ و بە (بسم‌الله)وە ٤٠ ئایەتە**

بە ناوی خوای بەخشەر و دڵاوێن.

سوێندەکەم بە ڕۆژی پەسڵان ﴿١﴾ سوێند دەخۆم بە ویژدانەکەی ڕەخنەگر و ویژدانی بێدار (کە ڕۆژی قیامەت بەرهەقە) ﴿٢﴾ ئایا مرۆڤ وا دەزانێ ئێسک و پرووسکی قەت کۆناکەینەوە؟ ﴿٣﴾ بەڵێ: بەتواناین کە (تەنانەت خەتی) سەر تیل و پەنجەکانی ڕاست ڕێکوپێک بکەین ﴿٤﴾ نەخێر بەڵکوو هەر مرۆڤ دەیەوێ تاوان بخاتە پێشە خۆی ﴿٥﴾ ئەپرسێ قیامەت کەی دێ ﴿٦﴾ کاتێ کە چاو ببریسکێتەوە و بە مۆڵەق ئەوەستێ ﴿٧﴾ هەیڤ تاریک ئەبێ و ئەگیردرێ ﴿٨﴾ تەبەقی ڕۆژ و مانگ لە یەکتر کۆ کرانەوە ﴿٩﴾ لەو ڕۆژەدا مرۆڤ دەڵێ ڕێگای دەرەتان و ڕاکردن لە کوێوەیە ﴿١٠﴾ نا نا، پەناگایەک نییە ﴿١١﴾ مەکۆ و قەرارگەی هەموان لە بەرەوە ناردوویەتی یا لە دوای خۆی هێشتوویەتەوە ئاگادار دەکرێ ﴿١٣﴾ نەخێر بەڵکوو مرۆڤ بە ویژدانی خۆی لە بارودۆخی خۆی بەئاگایە ﴿١٤﴾ هەر چەند بە زمانیش عوزر بێنێتەوە ﴿١٥﴾ تۆ زمانی لێ مەخە گەڕ تا بەپەلە (قورئان) بخوێنیتەوە ﴿١٦﴾ چونکا ئەرکی کۆ کردنەوە و خوێندنی ئەوە لەسەر ئێمەیە ﴿١٧﴾ هەرکاتێ کە ئێمە ئەوەمان خوێندەوە، تۆ لەو خوێندنە پەیڕەوی بکە﴿١٨﴾ لە پاشانیش ڕوونکردنەوە و شیکردنەوەیشی هەر لەسەر ئێمەیە﴿١٩﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

دکتور سا لح ئیبرا هیمی



وا نییە (کە لە بارەی ڕۆژی پەسڵان بیر دەکەنەوە) بەڵکوو ئێوە دنیای ڕابووردنتان خۆشدەوێ ﴿۲۰﴾ دوارۆژیش وەلا دەنێن و دەیدەنە پشت گوێ ﴿۲۱﴾ لەو ڕۆژەدا دەموچاوگەلێ شاد و گەش هەیە ﴿۲۲﴾ کە ئەڕوانەنە پەروەرێنەری خۆیان ﴿۲۳﴾ لەو ڕۆژەدا دەموچاوگەلێ گرژ و ترش و تاڵ هەن ﴿۲۴﴾ گومان دەبەن جەزرەبەی کەمەرشکێنیان بەسەر بێنن ﴿۲۵﴾ وا نییە (ئەو قەت بڕوا ناهێنێ)، تا گیان بگاتە سەر لووتی و مەرگ بەربینگی پێ بگرێ ﴿۲۶﴾ ئەوترێ: ئایا کەسێ هەیە ئەم نەخۆشە ڕزگار بکا ﴿۲۷﴾ لێشی ڕوونە وەخت و چاخی جیا بوونەوەیەتی لە دنیا ﴿۲۸﴾ لینگ و پووز و لەتەریش تێک هالاون ﴿۲۹﴾ لەو ڕۆژەدایە جێی هاژۆتن بەرەو لای پەروەرێنەرت ﴿۳۰﴾ جا (مرۆڤی کافر) نە بڕوای هێناوە و نە نوێژی خوێندووە ﴿۳۱﴾ بەڵکوو بە درۆی خستەوەو ڕووی وەرسووراند ﴿۳۲﴾ لە پاشان بە خۆبادان و بە خۆبەزلزانین بەرەو ماڵێ گەڕایەوە ﴿۳۳﴾ ئەمە بۆ تۆ شیاوتر و لەبارترە ﴿۳۴﴾ جارێ تریش ئەمە بۆ تۆ شیاوتر و لەباترە ﴿۳۵﴾ ئایا مرۆڤ وا دەزانێ هەروا بە خۆڕایی و بە بێئامانج بەرەڵلا کراوە ﴿۳۶﴾ ئایا ئەو نوتفەیەک: دڵۆپێک لە مەنی نەبوو کە پرژا(یە نێو منداڵدان) ﴿۳۷﴾ لە پاشان بووە جەڵتە خوێن (بێچووەماسی – زەروو)، خوا ئەوی خەڵق کرد و ئەندامی ڕاست و ڕێکوپێکی پێدا ﴿۳۸﴾ ئەوانی لەو تنۆکەوە کردە دوو جووتی نێر و مێ(کوڕ و کچ) ﴿۳۹﴾ ئایا خوایێکی وا ناتوانێ کە مردووەکان زیندوو بکاتەوە ﴿۴۰﴾

## سوورەی ئینسان: مرۆ ۳۱ ئایەتە

**سوورەی دەهر یا ئینسان یا ئەبرار لە مەککە هاتۆتە خوارێ و بە (بسم‌الله)وە ۳۱ ئایەتە**

بە ناوی خوای بەخشەر و دڵاوێن.

ئایا وا نییە کە ماوەیەکی زۆر بەسەر مرۆڤدا تێپەڕی کە شتێ وا نەبوو کە ناوی ببرێ و یادی بکرێ؟! ﴿۱﴾ ئێمە مرۆڤمان لە نوتفەی تێکەڵاو خەڵق کرد و ئەو تاقی دەکەینەوە، جا ئەومان ژنەوا و بیناکرد ﴿۲﴾ ڕێگامان بەو نیشان داوە، یا سپاسبێژە یا ناسپاسە ﴿۳﴾ ئێمە بۆ کافران کۆت و زنجیر و تۆق و ئاگری بڵیسەداری سووتێنەرمان ئامادە کردووە ﴿۴﴾ بەڕاستی کارچاکان لە بادەیەک دەخۆنەوە کە کافوور و عەتری خۆشی لێ درابێ، ئاوێتەی کرابێ ﴿۵﴾



Dr. Saleh Ebrahimi